وەزارەتـی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 2996
ڕێکەوت : 1 / 9 / 2024

---

## بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.13 - 2024) تەندەری پرۆژەی**

## (ڕاکێشانی فیدەری 1ی پێباز + ڕاکێشانی فیدەری 2ی دێهاتی باوەنور + ڕاکێشانی فیدەری 3ی باوەنور – احمد قادر + ڕاکێشانی کێبڵاتی ناو وێستگەی باوەنور)

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگـــاداری ســــەرجەم بەڵێنـــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پـــــرۆژەی نــــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامـــــادەکراوە لە لایەن ( بەڕێـــــوەبەرایەتی دابەشـــــکردنی کارەبــــای کەلار ) , لەســــــەر ڕێـــــژەی 8% داهــــات بەڕێـــوەبەرایەتی کارەبـــای کەلار جێبەجـــێ دەکرێـــت , هەرکەس ئــارەزووی بەشـــداری کردنـــی هەیە بـــا ســــەردانی ب.ژمێریـــــاری لە دیـــــوانی ئیـــــدارەکەمان بکـــات بەمەبەســـتی وەرگرتنــــی تەنـــــدەر . مـــاوەی جـــێ بەجێکردنــــی پرۆژەکە (90) نەوەد ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە(2) ساڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنـی تەنـدەر لە ڕۆژی ( سێ شـەممە 3 / 9 /2024)ەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (پێـنج شـەممە 19 / 9 / 2024) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیـانی تـا ( 11:00 ) ی پـێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گـەرمیـان بەرامـبەر بە ( 100,000) سـەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کـاتی گەڕانەوەی تەنـدەر ڕۆژی (یەک شـەممە 22 / 9 / 2024) کـاتژمێر (11:00 )ی پـێش نیـوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:00)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .
- مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( 2 تا 8) بێت وە پێناسی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویسـتە ئەو کۆمپانیـا و بەڵێنـدەرانەی کە بەشـداری دەکەن پشـتگیری بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تۆمـارکردنی کۆمپانیاکـان یـان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2024) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سـپاردن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بە هۆکـاری پێویسـت هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جلال نوری عبدالقادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**